# کەرکوك سمینارێك بۆ شێرزاد فاتح.

## سەبارەت بەکێشەکانی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن ...

## مەڵبەندی کازیوەی کەرکوك بۆ منالان ، بە هاوکاری سەنتەری منالان سمینارێکی بۆ شێرزاد فاتح ساز کرد .




سەرلەبەیانی ڕووژی 11 ی ینایر ی 2007 لە هۆڵی کتێبخانەی مەڵبەندی کازیوە بۆ منالان لقی کەرکوك و بە هاوکاری سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان لە کەرکوك، سەبارەت بە کێشەکانی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن سمینارێکی بۆ شێرزاد فاتح بەرپرسی سەنتەری منالان لە سوید سازکرد، سمینارەکە لە لایەن بەڕێز مامۆستا ئاکۆ لە مەڵبەندی کازیوەو بە ئامادەبوونی بەڕێزان مامۆستا نەجمەدین بەرپرسی مەڵبەندی کازیوە ، هاژە ئەحمەد بەرپرسی سەنتەری گەنجان لە کەرکوك، ئازاد ئەحمەد بەرپرسی سەنتەری منالان لە عێراق و هەیسەم محەمەد بەرپرسی سەنتەری منالان لە کەرکوك بەڕێوە چوو. لە لەسەرەتاداو دوای بەخێرهاتنی میوانەکان لە لایەن مامۆستا ئاکۆ وە کورتەیەکی ناساندن لە ژیان و کارو بەرهەمەکانی شێرزاد فاتح بۆ ئامادەبووان باس کرد. پاشان شێرزاد فاتح چووە سەرباسەکەی و سەبارەت بە مێژووی پرۆسەی پەروەرودەو فێرکردن لەعێراق وکوردستاندا ، کەم و کوڕی و کێشەکانی ئەم پرۆسەیە، ئەو نەهامەتیانەی کەبەسەر منالاندا هاتووەو لە سایەی کاریگەری ئەم پرۆسەیەدا کە دەیان نەوە بە سەقەتی و پڕ لە توندوتیژی پەروەردە بوون ، وە نیشاندانی وێنەی چەندین منالْ لەوانەی لەئەنجامی توندوتیژی لە قوتابخانەکانی کوردستاندا گیانیان لەدەستداوەو، خۆیان کوشتووە یان سوتاندووە یان پۆلەکانی خوێندنیان بەجێهێڵاوە..هتد. لە بەشی دووەمی باسەکەیدا شێرزاد فاتح دوای ئەوەی باسی لە کێشەکانی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن کرد، چووە سەرباسی ئەوەی کە چارەسەر چییەو دەبێ چی بکەین بۆ ئەوەی کەچیتر منالانمان بەسەقەتی فێرو پەروەردە نەکرێن؟! وە بۆ ئەوەی کە چیتر منالانمان لەسەر بنەمای توندوتیژی ڕانەهێندرێن، لەم بەشەی قسەکانیدا شێرزاد فاتح باسی لەوە کرد کە دەبێت ئەم پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنەی کە ئەمڕۆ هەیە بگۆڕدرێت بۆ پرۆسەیەکی پێشکەوتنخوازو پاك بکرێتەوە لە دەمارگیری نەتەوەیی و ئاینی ، وە دەبێت پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن بە تەواوی لە ئاین جیا بکرێتەوە، وە جێگەو ڕێگەی منالان لەپرۆسەیەدا دەبێت جێگەیەکی ئینسانی بەرزو شیاو بێت و ڕای قوتابیان و خوێندکاران بەهەموو شێوەیەك ڕێزی لێبگیرێت، لەباری زانستی و سایۆلۆژییەوە بە زانستی سەردەم و سایکۆلۆژییەتێکی مۆدێرنی مرۆیی دەوڵەمەند بکرێت، هەروەها باسی لەوە کرد کە دەبێت شان بەشانی گۆڕانکاری لەم پرۆسەیەدا و لەبابەتەکانی خوێندن و پێداویستی قوتابخانەو خوێندنگاکان، ئەبێت ژیانی مامۆستایان لەبەرچاو بگرێت و ئاستی ژیان و گوزەرانی مامۆستایان لەئاستێکی بەرزدا بێت بۆئەوەی کە بتوانێت ئەرکی سەرشانی بەپێی پێویست بەئەنجام بگەیەنێت و ناچاربەوە نەبێت لەدوای دەوامی قوتابخانە خەریکی کارێکی تر بێت بۆ بەڕێوەچوونی ژیانی.

ئەمەو شێرزاد فاتح لە باسەکەیدا بەشێك لەو نەهامەتییەنەی پرۆسەی پەروەردەوفێرکردن کە بەسەر منالآن و لاوانماندا هاتووە بۆ کەمتەرخەمی و بێدەربەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان گەڕاندەوە کە پاش 15 ساڵ لەحکومڕانیان هێشتا ئەم پرۆسەی پەروەردەوفێرکردنە وەك خۆی بە کۆنی سەقەتی ماوەتەوە، هەروەها ووتی ئەمڕۆ لە کوردستاندا منالآن هیچ گرنگیەکی ئەوتۆیان پێنادرێت. هەر لەم بارەوەو سەبارەت بە چۆنێتی گۆڕانکارییەکان لەم پرۆسەیەدا لەسەر سیستەمی پەروەردەو فێرکردن لە سوید چەندین نموونەی هێنایەوە. جێگای ئاماژە بۆ کردنە هەموو ئەو کەسانەی کە ئامادەی سمینارەکە بوون بریتی بوون لە نزیکەی 50 مامۆستا لەو مامۆستایانەی کە بە نوێنەرانی چەندین باخچەی ساوایان و ناوەندی و دواناوەندی شاری کەرکوك هاتبون وە چەندین سەرپەرشتیاری پەرورەدەیی ئامادەی سمینارەکەبوون.

پاش پێشکەش کردنی باسەکە دەرگای پرسیارو گفتوگۆ لەبەردەم ئامادەبوواندا کرایەوە، وێڕای ئەوەی کە بەگشتی باسەکە بەگەرمی پێشوازی لێکرا و مایەی خۆشحاڵی و پشتیوانی گەرمی ئامادەبووان بوو، چەندین کەس لە ئامادەبووان و مامۆستا و سەرپەرشتیار بە پرسیارو ڕوونکردنەوە باسەکانی و سمینارەکەیان دەوڵەمەند کرد. شایانی ووتنە کەناڵی تەلەفزیۆنی کەرکوك ئامادەی سمینارەکەبوون و ئێوارەی هەمان ڕۆژ لەم بارەوە ڕێپۆرتاژێکیان بڵاو کردەوە.